پێشکەش بە ئاواتە خنکاو و سەرمابردووەکانی کۆچەرە سەرهەڵگرتووەکان...!؟

## ویشکەرۆیی



ناسر حەقپەرەست
darya_naser@yahoo.com

کۆترەکان،
دەیانهەوێ سەفەر بکەن
لەو ئاقارە نەنیشنەوە
رەنگە بە ئاسمانەوە بمرن.

گوڵەگەنمەکان،
دەیانهەوێ بەناخی خاکا بچنەوە
لەو تەقتەقانی‌یە نەڕوێن.

کانیاوەکان،
دەراوەکانیان دەخۆنەوە
بۆنی ویشکەرۆیی لەگەروویانەوە دێ
دو منداڵی سەرئاڵۆسکاو

هەریەکەو بەقولاپێکەوە
بۆ گوێچکەماسی دەگەڕێن.

قوت دەدەن ئۆقیانوس و
تێیدەتوڕێنن هەورەکان،
تینوو.... تینوو
گوڵەبەردینەکان هەڵدەوەرێن.

پۆستچی نامەیەکی هێنابوو،
پەڕەسێلکەکان نوسیبوویان:
ئیتر ناگەڕێینەوە

چرکەژمێرەکان،
دەیانهەوێ لە خولگەی خۆیان دەرچن.
ژمارەکان یەك بە یەك داوەریون،
چۆڵەوانییەکە پڕە لە چرکەی سەرگەردان و هیلاك،
قاپی کاتژمێرەکان.

چەند پیتێك
لە کیبۆردی داتاکان ون بووە
بوونەتە دوگمەی بەرۆکی
عابای کۆتەڵێکی ڕهۆڵ.

بەسەر شەقامەکانەوە

**لەپشت جامە نەبینەکان**

**سەیرمان دەکەن !**

**کەچی خۆیان رووت ... رووتن.**